

## محەمەد ئەمین پێنجوێنی

# تا ئێستا رۆشنبیری کورد لە کوردستانی باشور لەوە نەگەیشتووە کە تورك وەکو میللەت دژی کوردە بە حکومەت و حیزب و عەسکەر و خەڵك و دامودەزگاکانییەوە

دیداری یاسین عومەر

بەشی یەکەم

**●محەمەد ئەمین پێنجوێنی، شاعیر و رۆژنامەنووس و سیاسەتمەدارێکی کوردە. هاوکار و لایەنگری پەکەکەیە، ماوەی یانزە ساڵ سەرۆکی ئەنستیوتی کورد بووە لە بەرلین لە ئەڵمانیا، ئەندامی کۆنگرەی نەتەوەیی و پەرلەمانی کوردستانە لە مەنفا، یەکێك بووە لەوانەی کە لە کردنەوەی تەلەفزیۆنی میدیادا رۆڵێکی بنەڕەتی هەبووە، ئێستا دانیشتووی سلێمانییە و خەریکی نووسینەوەی یاداشتەکانی خۆیەتی، پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ پەکەکەدا هەیە و ئێستاش بە وتەی خۆی ئاپۆ لەڕێگەی پارێزەرەکانییەوە سڵاوی بۆ دەنێرێت. لڤین لەسەر رەوشی هەنووکەیی پەکەکەو کێشەکانی و داهاتووی ئەم هێزە کوردییەی باکور گفتوگۆیەکی لەگەڵدا کردووە، لەم گفتوگۆیەدا پێنجوێنی بەڕاشکاوییەکی تەواوەوە وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوەو ئەوەشی جێی سەرنجە ئەوەیە کە مامۆستا محەممەد پێنجوێنی زۆر بێلایەنانە مێژوویەکی نزیکی پەکەکە هەڵدەسەنگێنێت و لەچوارچێوە وەڵامەکانیدا هەڵەکانی ئەو هێزە ئاشکرا دەکات...**

**لڤین:** پەکەکە بارودۆخی لەچیدایەو تازەترین شتێک لەبارەی پەکەکەوە چییە کە دەکرێت پێمانبڵێیت ؟

**محەممەد پێنجوێنی:** تازەترین شتێك لەبارەی دۆخی پەکەکەوە وەستاندنی شەڕە لەگەڵ سوپای تورکیا بەشێوەیەکی تاکلایەنانە، دیارە ئەمەش بە کۆششێکی زۆری خێرخوازان و کوردانی باشور و ئەوروپییەکان و تەنانەت هەوڵی ئەمریکاش لەوبارەیەوە بووە. دەبێت بزانین کە ئەم شەڕ وەستاندنەی پەکەکەش بەشێکی زۆری لەبەرئەوەیە کە نەبادا تورکیا بەبیانووی هێرشکردنە سەر پەکەکە پەلاماری کوردستانی باشوور بدات. من ئاگاداری ئەو بڕیارەی پەکەکەم و زۆرجار سەروخوارم کردووە و دەزانم کە کۆنسەی سەرکردایەتی دیراسەیەکی وردی ئەو بڕیارەی کردووە ئینجا بڕیاریان لەسەرداوە تا بە ئەورووپاو ئەمریکاو هەموو دونیاش بڵێن کە ئەوان شەڕخواز نین.

**لڤین: هەندێک ئەم بڕیارەی پەکەکە دەگێڕنەوە بۆئەوەی کە پەکەکە تووشی شکست هاتووە بۆیە بڕیارێکی لەم جۆرەی داوە ؟**

**محەممەد پێنجوێنی:** نەخێر وا نییە؛ من خۆم ئاگاداری ئەوەم و ئەمەش لەژێر گوشاری یەکێتی ئەورووپا و داواکاری ئەمریکاو بەداواکاری حکومەتی کوردستانی باشووریش ئەم شەڕ ڕاگرتنە بڕیاری لەسەر دراوە، وەك وتم بۆ ئەوەی تورکیا نەیکاتە بیانوویەك بۆ هێرشکردنە سەر کوردستانی باشوور، دەبێت بڵێم بەڕێز جەنابی مام جەلال ڕۆڵێکی زۆر باشی هەبوو لەوەدا کە ئەو بڕیارە لەلایەن پەکەکەوە بدرێت و لەگەڵ حکومەتی تورکیاش کەوتە قسەکردن و پێیوتبوون کە ئێمە شەڕ بە پەکەکە دەوەستێنین بەلاّم ئێوەش بڕیارێکی لێبوردنیان بۆ دەربکەن تا بێنەوە ناو وڵات و کاری سیاسی بکەن.

**لڤین : پەکەکە هێزێکی گەورەی لە قەندیل هەیە، گەر سەیری پەکەکە بکەین دەبینین خۆی کردۆتە دوژمنی هەریەکە لە سوریا و ئێران و حیزبە کوردییەکان؛ ئەمە سەرەڕای دژایەتیکردنی تورکیا، ئایا ئەوە بۆخۆی جۆرێک نییە لە گیرخواردن؟ پەکەکە لەکوێوە کۆمەکی ئەو هێزانەی دەکات؟**

**محەممەد پێنجوێنی:** ئەمە ڕاستە؛ بەلاّم ناتوانین بڵێین هەموو هێزی پەکەکە لە قەندیلە، چونکە هێزێکی گەورەی پەکەکە لەناو کوردستانی تورکیایە، کە لەقەندیلەوە دەست پێدەکات هەتا دەریای ڕەش، پەکەکە بەناو تورکیا و کوردستانی تورکیاشدا هێزی بلاّوکردۆتەوە، هەندێك لەسەرکردەکانیان لە قەندیلن و هەندێکی تریان لەناو خاکی کوردستانی تورکیادان. سەبارەت بە یارمەتی لۆجیستیکی دەبێت بزانین کە پەکەکە شەڕی جەبهەیی لەگەڵ تورکیادا ناکات، چونکە شەڕکردن بەرامبەر هێزێکی وەك تورکیا کە ئەندامی ناتۆیەو خاوەنی نوێترین تەکنەلۆژیای جەنگییە کارێکی عاقلاّنە نییە، هەربۆیە پەکەکە شەڕی پارتیزانی لەبەرامبەر تورکیا دەکەن و ئەمەش ستراتیژی پەکەکەیە بەرامبەر بەم هێزە گەورەیە. شەڕی پارتیزانی ڕاستە پاڵپشتییەکی لۆجیستی دەوێت بەلاّم دەبێت ئەوەش بزانین کە ئەو پاڵپشتییە گەورەیەی ناوێت کە هەندێك تەسەوری دەکەن، گەر بڕوانین مەفرەزەیەك لە پێنج، حەوت، نۆ، دە یان پانزە گەریلا پێکدێت کە دەچنە ناو خاکی کوردستانی باکورەوە یان بۆ ئەو ناوچانە دەچن کە دەیانەوێت شەڕی تێدا بکەن، هەر گەریلایەك هێندەی ئەوەی پێویستییەتی لە خواردن و دەرمان و کەلوپەل و فیشەك وشتی لەو بابەتە لەگەڵ خۆی دەبات بۆ ئەوە ماوەیەی کە بڕیارە لەوێ بمێنێتەوە. دیارە پەکەکە ئەوە بۆماوەی حەڤدە هەژدە ساڵە لەو ناوچەیەدایە شەڕدەکەن وبەشی ئەوە شارەزایی و ئەزموونیان هەیە کە ئامادەی دۆخی لەو بابەتە بن. بۆ لایەنی لۆجستیش زۆرتر پشت بەخۆیان دەبەستن. پەکەکە لە هەموو بەشەکانی کوردستان، لە باکور لە باشوور لە ڕۆژهەلاّت و ڕۆژئاواش ڕێکخستنی هەیە، دەتوانێت سوود لەم ڕێکخستنانە وەربگرێت، لەسەروو هەموو ئەمانەشەوە پەکەکە پارەیەکی زۆری هەیە و دیارە بە پارەش هەموو شتێك پەیدادەکرێت. لەم ماوەیەدا چەك و زەخیرەیەکی زۆریان کڕیوەو پەکەکە عادەتێکیشی هەیە ئەویش ئەوەیە کە بەردەوام خەزن دەکەن، ئەو چیاو دۆڵ و دەشتەی کوردستان ساڵەهای ساڵە پڕە لە زەخیرە، پەکەکە ئیعتیمادی لۆجیستی لەسەر خۆیەتی و پارەشی هەیە، بە پارەش هەموو شتێك دەکرێت...

**لڤین: ئێمە پێشتر باسمان لە لایەنە سەربازییەکەی پەکەکە کرد، ئەی سیاسەتی پەکەکە لەسەر زەوی کوردستانی باکور یاخود بڵێین لەناو تورکیادا چییە و چۆنە؟**

**محەممەد پێنجوێنی:** پەکەکە هەر لەسەرەتای دروستبونییەوە ( بەحوکمی ئەوەی من هەژدە نۆزدە ساڵە لەگەڵیاندام) ئاگاداریانم کە ئەوان هەر لەسەرەتاوە وازیان لە کاری سیاسی نەهێناوەو کە خەباتی چەکداریشیان دەستپێکردووە بۆ ڕاگەیاندن و ترس خستنە دڵی دوژمنەوە بووە. فەلسەفەی ئاپۆ ئەوەیە کە ڕژێمی عەسکەرتاری و دیکتاتۆری ئینکارکەری تورکی پێویستی بە جوڵانەوەیەکی عەسکەرتاری دیکتاتۆرییانە هەیە، گەر ئەتاتورکێك هەیە دەبێت ئەتاکوردێکیش هەبێت، ئەو ڕژێمە سەربازییە فاشییەی ژەنەراڵەکان لە تورکیا پێویستی بە هێزێکی لەجۆرەی خۆی هەیە. باڵە سیاسی و سەربازییەکەی پەکەکە شانبەشانی یەکتری دەڕۆن و خەباتی سیاسی ڕێکخراویان لە شارەکاندا هەیە، بۆ نموونە خۆپیشاندانی گەورە ئەنجامدەدەن، کاتێك کوردێك شەهیددەکرێت هەر لە وەرگرتنی تەرمەکەیەوە لە دەوڵەت هەتا ناشتنی و فاتیحە خوێندن گەورەترین خۆپیشاندانی سیاسییە، لەوێدا دەست دەکەن بە بەرزکردنەوەی مەعنەویاتی کەسوکاری شەهیدەکەو جۆشدانی خەڵکانی ترو کەسبکردنی گەنجەکان و ئەوەش خەباتێکی سیاسی گەورەیە. دیارە پەکەکە لەناو تورکیادا چەند باڵێکی هەیە و هەشیانە زۆر بەئاشکرایی ئیشدەکات.

**لڤین: چ حیزبێکی سیاسی لەناو تورکیادا نوێنەرایەتی سیاسی پەکەکە دەکات؟**

**محەممەد پێنجوێنی:** من دوێنێ لە ڕۆژنامەیەکدا خوێندمەوە ئەحمەد تورك سەرۆکی (پارتی کۆمەڵی دیموکراتی مەدەنی) دەڵێت " پەکەکە دۆستی ئێمەیە و ئێمەش دۆستی ئەوانین، پەکەکە حیزبێکی شۆڕشگێڕو خەباتکارە و ئێمە ناتوانین دەستبەرداری ئەوان بین" پەکەکە گەلێك کەناڵی سیاسی لەناو تورکیادا هەیە. دیارە حیزبەکەی ئەحمەد تورك کە حیزبێکی تازەیە لەسەر میراتی هەردوو حیزبی دەپ و هادەپ دروستبووە. کاتێك ئەو حیزبانە داخران، بە سوود وەرگرتن لەو کون و کەلەبەرانەی لە دەستووری تورکیادا هەن توانرا ئەم حیزبە دابمەزرێنن و وەك وتیشم ئەو حیزبە بووە میراتگری ئەو دوو حیزبە داخراوە. هەروەها ئەمە بۆ ڕۆژنامەکانیش ڕاستە و چەندین ڕۆژنامەیان هەیە، کاتێك ئەم ڕۆژنامەیە

دادەخرێت کە بەناوی تۆوەیە دێن یەکێکی تر دەکەنەوە بەناوی منەوە، پەکەکە لەناو تورکیادا بەردەوام ڕۆژنامەیان هەیە، بەردەوام حیزبیان هەیەو کاتێك حیزبێکیان دادەخرێت حیزبێکی تریان هەیە کە نوێنەرایەتییان بکات، بەردەوام ڕۆژنامە و حیزبی حازریان هەیە، بۆ دەکرێت لێرەدا باسی ئەوە بکەین کە پەکەکە حیزبێکە بەپرۆگرام ئیش دەکات (ئەو شتەی کە زۆر کەم لەناو حیزبەکانی باشووردا بوونی هەیە) لەبەرە ئەوەیە دەتوانین بڵێین کە ئەوان خەباتی سیاسییان لەناو شارەکاندا هەیە و هیچ کاتێك وازیان لێنەهێناوە. لەگەڵئەوەشدا نابێت خەباتی سیاسی پەکەکەمان بیر بچێت لە ئەوروپا، لە ئەوروپا جالییەیەکی کوردی کوردستانی تورکیا هەیە لەگەڵ کوردی بەشەکانی تری کوردستان، ئەوان توانیویانە سەرەڕای کوردی باکور کوردی بەشەکانی تری کوردستانیش بخەنە ریزی خەباتی سیاسییانەوە لەویٚ. ئێمە لە ئەوروپا پەرلەمانی کوردستانمان دامەزراند، پەرلەمانی کوردستان شەش حەوت ساڵ گەورەترین ڕۆڵی سیاسی و دیپلۆماسی بینی بۆ بەرزکردنەوە و ناساندنی کێشەی کورد لە هەموو مەحفەلە سیاسییە نێودەوڵەتییە گرنگەکانی دنیادا، من ئەوکات لەگەڵ دەستەیەکدا کە بۆ ئەو مەبەستە دروستمان کردبوو چەندین سەردانمان کرد، بۆلای سەرۆکی نەتەوە یەکگرتووەکان کە ئەوکات بوترس غالی بوو، چەندینجار سەردانی یەکێتی ئەوروپامان کرد. پەکەکە توانی ئەو هێزە کوردییەی کە لە ئەوروپا هەیە سوودی لێوەربگرن و ڕێکی بخەن بۆ خەباتێکی سیاسی ...

**لڤین: پەکەکە پەیوەندی چۆنە لەگەڵ لەیلا زاناو هاوڕێکانییدا؟**

**محەممەد پێنجوێنی:** ئەوانە لەسەر ئەوە دەستگیرکران کە گوایە پەکەکەن، لەیلا زانا لەسەر ئەوەی بە کوردی لە پەرلەمانی تورکیادا قسەی کرد پانزە ساڵ حوکمیان دا کە هەرچەندە یەکێتی ئەوروپاو چەندین وڵاتی تر تەداخولیان کرد بۆئەوەی ئەوو هاوڕێکانی ئازاد بکەن بەڵام سەرەڕای ئەوەش زۆربەی ماوەی حوکمەکەیان لە زینداندا بەسەربرد. ئەوان پەیوەندیان هەیە و من باوەڕم وایە ئەوان ناتوانن واز لە پەکەکە بێنن. بەڵام ئەوان لەبەرئەوەی لە ناو تورکیادان بەڕەسمی ناڵێن کە ئێمە پەکەکەین، بەڵام ڕۆژێك لە ڕۆژان لە هیچ شوێنێك نە لەتەلەفزیۆن و ڕادیۆ و نەلە ڕۆژنامەکاندا قسەیەکیان بە پەکەکە نەوتووەو هێرشیان نەکردۆتە سەری و نەشیانوتووە کە ئێمە پەکەکە نین.

**لڤین: دەوترێت کە لەیلا زانا بەنیازی دامەزراندنی حیزبێکە بەڵام لەبەرەئەوەی ئاپۆ یاخود پەکەکە ڕەزامەندی لەسەر نەبووە نەیتوانیوە ئەو کارە ئەنجام بدات، ئەمە تاچەند ڕاستە؟**

**محەممەد پێنجوێنی:** ئەم حیزبەی کە ئێستە هەیە (پارتی کۆمەڵی دیموکراتی مەدەنی) هەموویان بەشدارن تیایدا، لەیلا زاناو ئەو گروپەش کە لەزینداندا لەگەڵیدا بوون، لەناو پەکەکەدا قسەیەك یان ئاراستەیەك هەبوو کە باوەڕی وابوو لەیلا زانا بکرێتە واجیهەیەك بۆ بزاڤی سیاسی کوردی لە تورکیادا، بەڵام بۆچوونی تر هەبوو کە نەخێر با ئەو نەکرێت و کەسی تر هەیە کە بەم کارە هەستێت و دەتوانێت کاریگەری زۆری هەبێت لەسەر کوردی تورکیا و هێزەکوردییەکانی تورکیاو هێزە تورکییەکانی ناو تورکیاش، لەناو ئەوانەدا ئەحمەد تورکیان بەباش زانی و هەموویان بۆچوونیان لەسەر ئەو بوو چونکە بەباوەڕی ئەوان ئەحمەد تورك دەتوانێت کاریگەری گەورەی لەسەر حیزب و خەڵکانی ئەویٚ هەبیٚ، بۆ نموونە ئێستا حیزبی ڕێگای ڕاست کە حیزبێکی گەورەیە و لەپەرلەماندا قورسایی خۆی هەیە ئەوە چەند جارە داوای ئەوە دەکات کە دەبێت لەگەڵ پەکەکەدا گفتوگۆ بکرێت و کێشەی کورد چارەسەر بکرێت و دەبێت ئەو ئاگربەستەی کە پەکەکە ڕایگەیاندووە وەڵامی بدرێتەوە، ئەمە نموونەی ئەو کاریگەرییەیە کە ئەحمەد تورك لەسەر حیزبەکانی ئەویٚ هەیەتی. ئەوانە هەمووی پڕوپاگەندەن کە گوایە ئاپۆ وتوویەتی تۆ ئەوە بکەو تۆ ئەمە مەکە، ئەوان خۆیان لەسەر مەسەلەکان ڕێککەوتوون. حەزدەکەم پێت بڵێم کە ڕەنگە زۆرکەس هەبن ئێمە لەدەرەوە بە گەورە تەماشایان بکەین و وای دابنێین کە ئەمانە گونجاوترین کەسن بۆ ئەوەی ببنە واجیهەی کێشەیەك بەڵام کاتێك لەناوەوەی حیزبەکەدا دەکەوێتە دەنگدانەوە ڕەنگە دەنگێکی پێویست بۆ ئەو مەسەلەیە بەدەست نەهێنن. بەڵام ئەوەش بزانە کە تائێستا نە لەیلا زانا و هاوڕێکانی و نە ئەوانەی باسمکردن لە هێڵی گشتیو لەو چوارچێوەیەی پەکەکە هەیەتی لایان نەداوە...



(10) ڕۆژ پێش ڕفاندنی ئۆجەلان لە ڕۆما گیراوە

**لڤین: عەبدوڵلا ئۆجەلان قسەی ئەوەی لەسەرە کە پیاوێکی دیکتاتۆرەو خودپەسندە ئایا ئەوە نەبۆتە هۆی ئەوەی کە لەیلا زانا لەبوون بە واجیهە دووربخاتەوە و ئاماژەبداتە لایەنگرانی خۆی کە زۆر گەورەی نەکەن نەبادا ئەو جەماوەرێتی خۆی لەدەستبدات و لەبیربچێتەوە؟**

محەممەد پێنجوێنی: مومکینە خەیاڵ لێدانی لەو شێوەیە هەبێت.

**لڤین: خەیاڵ لێدان لە ئێمەوە یان لە ئاپۆوە؟**

محەممەد پێنجوێنی: لە ئەوو لە پەکەکەو لە خەڵکیشەوە، بەڵام ئەوەش بزانە کە کەسێتی ئاپۆ تائێستاش لە هەموو کەسێتییە کوردەکانی ناو کوردستانی تورکیا گەورەترە. کاتێك تورکیا بە یارمەتییەکی گەورەی ئەمریکا توانی ئاپۆ برفێنێت بۆئەوە بوو کە پەکەکە بەچۆکدا بهێنێت، چونکە باوەڕیان وابوو هێزی گەورەی پەکەکە لە ئاپۆدایە، فیعلەن بۆچوونەکەشیان راستبوو لەوەدا کە ئاپۆ توانیبووی هەموو پەکەکە بخاتە ژێر چنگی خۆیەوە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش پەکەکە توانی بەسەر ئەو پیلانەدا زاڵ ببێت و نەهێڵێت بەهۆیەوە چۆك دابدات. گەر زیادەڕۆیی نەبێت دەتوانم بڵێم کە ئێستا لەسەدا حەفتای کوردی تورکیا لەگەڵ پەکەکەدان و ئەمەش بەواتای ئەوەی لەگەڵ ئاپۆدان.

**لڤین: سەرۆکی ئەنستیتوتی کورد لە ئەستەنبوڵ لە لێدوانێکدا بۆ لڤین وتی " ئێستاش بەیەک ئاماژەی ئاپۆ یەک ملیۆن کورد دەرژێنە سەر شەقامەکان" ئایا ئاپۆیەکی دوورخراوەی دەستبەسەر ئەو هێزەی ماوە؟**

محەممەد پێنجوێنی: بەڵێ ماویەتی. من خۆم لە ئەوروپا بووم. زۆرێك لە دۆست و دوژمن دەیانوت پەکەکە تەواو، هەبوو لەم سیاسەتمەدارانەی کوردستانی باشووری خۆمان لەسەر تەلەفزیۆنەکانی ئەڵمانیا دەیوت پەکەکە تەواو، ئاپۆ تەواو، بەڵام پەکەکە بۆ نارەزایی دەربڕین لەدژی رفاندنی ئاپۆ خۆپیشاندانێکی کرد کە بەیەکجار سەدوسی هەزار کەس تیایدا بەشداربوون کە من خۆشم وتارێکم تیایدا خوێندەوە، کۆکردنەوەی سەدوسی هەزار کەس لە وڵاتێکی ئەوروپییدا نەك شتێکی نارەحەتە بەڵکو موعجیزەیە.

**لڤین: ئاپۆ و پەکەکە تاچەندێک باوەڕیان بە کوردستانی گەورە و خەباتکردن بۆ وەدیهێنانی ماوە؟**

محەممەد پێنجوێنی: ئەوەندەی من ئاگادارم و ئەمەش حەقیقەتە و من پڕوپاگەندەیان بۆ ناکەم پەکەکەش و ئۆجەلانیش وەکو کوردێك باوەڕیان بە کوردستانییەت و کوردستانی گەورە هەیە. بەڵام ئەو هەموو گۆڕانکارییەی کە لەناوچەکەو جیهاندا روویانداوە ئەوانیشی ناچار کردووە کە چاو بە ستراتیژیەت و هەندێك تاکتیکی رۆژانەیاندا بخشێننەوە. ئەوان باوەڕیان وایە کە لەتورکیا فیدارلییەك یان کۆنفیدرالییەك پێکبێت. هەموو جارێکیش ئۆجەلان باسیدەکات کە هەموو نەتەوەکان لەژێر سایەی ئەو فیدرالییەتە یان کۆنفیدرالییەتەدا مومارەسەی مافە نەتەوەیی و دیموکراسییەکانی خۆیان بکەن. ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئەوان وازیان لە پرسی کوردستانی گەورە هێناوە، بەبێ دوو دڵی سیاسەت و ستراتیژیەتی پەکەکە گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە، بەڵام ئەوان ئێستاشی لەگەڵدابێت وازیان لە کێشە بنەڕەتییەکان نەهێناوە. تۆ بڕوانە لێرەش لە کوردستانی باشوور سەرکردەکانی کورد هەموو رۆژێك باس لە عێراق و عێراقچێتی دەکەن، باسی یەکێتی خاکی عێراق دەکەن لەکاتێکدا ئێمە بە فیعلی لە وڵاتی عێراق جیابووینەتەوە، کوا لێرە مەرکەز دەسەڵاتی بەسەر ئێمەوە ماوە؟ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەرکردەکانی کوردستانی باشوورو تارادەیەکیش هەمووان باس لە یەکێتی خاکی عێراق دەکەن بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کوردی ئێرە وازیان لە مەسەلەی دەوڵەتی کوردی هێناوە و فەرامۆشیان کردووە، دۆخێکی سیاسی و ناوچەیی و جیهانی ئەوەی بەسەردا سەپاندوون کە وا بکەن. ئیتر بۆ پەکەکە لەمە بەدەر بێت؟ دیارە پەکەکەش ئەمەدەکات و ئێستا بۆ کوردی تورکیا داوای فیدراڵی یان کۆنفیدراڵی دەکات و خەباتیشی بۆ دەکات لەهەموو کەناڵە سیاسی و ئابووری و دیبلۆماسییەکانەوە.. خۆ ئەم گۆڕانە تەنیا هەر پەکەکەی نەگرتۆتەوە بەڵکو لەناو خودی تورکیاشدا هێز هەن کە داوای ئاشتەوایی و رێککەوتن لەگەڵ پەکەکەدا دەکەن ( وەك حیزبی رێگای راست) هەروەها چەند لایەنێکی ئیستیخباراتی تورکییش باس لەوە دەکەن کە هەموو هەوڵەکانیان شکستی خواردووە و پێشنیاری رێکەوتن و چارەسەرکردنی کێشەی کورد دەکەن، لەوماوەیەدا ژەنەراڵێکی تورك کەماوەی پانزە ساڵ لە کوردستاندا بووە دەڵێت ئیتر رێگەچارەی سەربازی سوودی نەماوەو دەبێت رێگەچارەیەکی تر بۆ ئەم کێشەیە هەڵبژێرین. بەڵام ئەوەشت بیرت نەچێت پەکەکە بە گژ ئەندامێکی ناتۆدا چووە، پەکەکە بە گژ میللەتێکی وەك تورکدا چووە. تا ئێستاش رۆشنبیری ئێمە لە کوردستانی باشوور ئیستیعابی ئەوە ناکات کە لە تورکیا خەڵکەکە دژی کوردە، تورك وەك میللەتێك دژی کوردە بە حکومەت و حیزب و عەسکەر و خەڵك و هەموو دامەزراوەکانیەوە. ئێمە لەعێراقدا چەندین ساڵ لەگەڵ ئەم دەوڵەتە عەرەبییەدا شەڕمان کرد بەڵام ئەم شەڕە نەبوو بە شەڕی کوردو عەرەب. هەتا ئێستا لێرە شەڕ، شەڕی دوو نەتەوەی کورد و عەرەب نەبووە بەڵکو تەنها جینۆسایدی سەدام بووە لەدژی کورد، واتە شەڕی نەتەوەیەك بووە لەگەڵ حکومەتێکی عەرەبییدا، بەڵام لەتورکیا ئەمە وانییەو ئەم حەقیقەتە دەبێت رۆشنبیری کورد لە کوردستانی باشوور بیزانێت کە لە تورکیا لەسەدا هەشتاو لەسەدا نەوەدی میللەتەکە دژی کوردە. لەوێ شەڕەکە رێك شەڕە لەنێوان میللەتی کوردو میللەتی تورك، چونکە ئەتاتورك وای پەروەردە کردوون، ئەو بەحسابی خۆی کوردی خستە گۆڕەوە بەڵام ئۆجەلان و پەکەکە ئەو گۆڕەیان هەڵتەکاندو ئەو کوردەی ناویان هێنایە دەرەوە..